# نابی ریگابدەین کوردستان بیتە پایەگای جەنگی ئەمریکا

ئالا فەرەج

جیگا و ریگا خۆشکردنی سوپا و بنکە سەربازیی‌یەکانی ئەمەریکا لە کوردستاندا نیشانەی خولقاندنی کارەساتی خویناوی و مال ویرانی وئاوارەیی‌یە دژ بە خەلکی کوردستان، کەپیش هەر لایەنیکی تر هەردوو حیزبی دەسەلادار (یەکیتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) لێی بەرپرسیارن، ئەم سوپایە پیش ئەوەی بیتە کوردستانەوە هەرەشەکانی حکەمەتی بەعسی فاشستی بەدوای خۆیدا هیناوەو ئەمەش ترس و دلەراوکی و مەتەرسی گەورەی بۆ سەر دانیشتوانی شارەکانی کوردستان پیکهیناوە لەکاتیکدا کە یەکیتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتیش زۆر بی دەربەستانە کەوتونەتە ریگە خۆش کردن بۆ سوپای ئەمەریکا و جیگە دانان و کردنەوەی فرۆکەخانە بۆیان، بەم جۆرەرەش گوێکەڕکردنیان لە پاراستنی ژیان و چاەنووسی خەلکی و وەلام دانەوە بە هەرەشەکانی حکومەتی بەعس !!

بیگومان سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمەریکا دژ بە خەلکی عیراق بۆ هەموو دنیا روون و ئاشکرایە، و هیچ پەیوەنیدکی نەبەمافەکانی خەلکی کوردستان و نەبە رزگاری ئەوانەوە هەیە لە ستەمی نەتەوایەتی ئەوەی ئەمریکا لەنیازیدایە داسەپاندنی ملهوریو دەسەلاتی خۆیەتی بەسەر جیهاندا، وبەم پێیەش وەدەرنانی رەقیبەکانی لە ئەو روپاو وولاتانی‌تر. بەریکەوتنی بزوتنەوەی دژی جەنگ لە هەموولایەکی ئەم دنیایەوە وەك بزوتنەوەیەکی بیوینەی شەم سەردەمەی کرۆڤاپەتی نیشانەی دەرکی ئەم راستی‌یەیە، کەچی بەپیچەوانەوە هەردوو حیزبی حاکم، یەکیتی و پارتی، جگە لە دلرازی کردنی ئەمەریکا و هەولدانی زیاتر یان بۆ خۆگریدانەوە بە سیاسەتە کانی ئەمەریکاوە هیچی ترنی‌یەوە بۆئەمەش بەردەوام خەریکن بەهانەی پر و پوچ بۆ ئەم هەلویستەیان داتاشن و ئیتر ژیانی خەلك هەرچی لیبەسەر بیت بۆیان مەسەلە نی‌یە!!. .

هەلبەت لای هەموان ئاشکرایە میژووی ئەم 11 سالەی رابردووی ئەم دوو حیزبە تا ئیستا هەولدان بوە بەوەی هەرجارەی کوردستان بکەنە مۆلگەی لایەنیکی تیرۆریستی، ریگە خۆشکردن بۆ هینانی هیزەکانی تورکیا و ئیران و بەرپاکردنی شەر هەر جارەی بە ناوی بیانوویەکەوە، کوشتن و تیرۆر کردنی موخالفینی سیاسی و دەنگە ئازادیخوازەکان، دژایەتی کردنی مافەکانی خەلك، کوشتن و تیرۆری هەزاران ژن، بە تالان بردنی سامان و سەروەتی کوردستان، ئەنجامدانی هەموو ئەم کارە نامرۆڤانەیەش لە پیناو پاراستنی دەسەلات و بەرژەوەندی خۆیاندابووە و میژووش هەموو ئەم کارنامەیەی بەرۆشنی تۆمار کردوە. بۆیە ئەبیت ئەمجارە یەکیتی و پارتی بەرپرسیار بکرین و ریگان پینەدری بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەلایەکی تر بەسەر خەلکی کوردستاندا بهینن، دەبی ریگانەدری بەهینانی هیزەکانی ئەمەریکا و جیگەو پیگەی خۆیان لە کوردستان داکوتن. کاتی ئەوە هاتووە و کارەساتیکی مەترسیدار چاوەرێی خەلکی ئەکان. ز کەوایە دەبی بەهەر ریگایەك و بەهەر شیوەیەکی مومکن فشار بخریتە سەر ئەم دووحیزبەوە یەخەیان بگیریت و پیان بوتریت کە ئیوە هەقتان نی‌یە یاری بەچارەنوس و ژیانی چەند ملیۆن ئینسان لەکوردستاندابکەن. بۆئەم مەبەستەش دەبی کوردستان وەك بنکەی شۆرشگیران و بۆ دیفاع لە ئازادی و گیانی ئیسانی هاوچەر خ خۆی بنوینی نەك وەك بنکەی جەنگ و کوشتاری خەلکی مەدەنی و بیتاوانی عیراق. کردنی کوردستان بە مۆلگەی شەرخوازانەی ئەمریکا جگەلەوەی سیاسەتیکە پیچەوانەیە بە رەوت و بزوتنەوەی ئیساندوستانەی دنیا و ئومیدیك کەخەلکی کوردستان هەیەنە بۆ رزگار بوون لەستەم و بیفافی هیچ بەرژەوەندی‌یەکی تایەبەتی خەلکی کوردستانی تیدانی‌یە و نابیت ریگای پیبدریت. میژووی ئینسانیەت بەگشتی وە میژووی خەلکی کوردستان بە تایبەتی هەرگیز لە دەسلاتدارتی یەکیتی‌و پارتی خۆش نابیت، بۆئەم هەلویست و سیاسەتەیان. کەوەیە ئەوە ئەرکی هەر کەسیکی رۆشنبیرو ئازادیخوازی کوردە نارەزایەتی خۆی بەرووی ئەم سیاسەتەدا دەربری. . . .

alafaraj@hotmail.com

2003–2–10